# واز لە پرسیارکردن بهێنن سەبارەت بە ئەو شتانەی کە فەرمانم پێنەکردوون یان نەهیم لێ نەکردوون، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی خەڵکانی پێش ئێوە ؛ زۆر پرسیار کردن وناکۆکیان بوو بەرامبەر پێغەمبەرانیان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «واز لە پرسیارکردن بهێنن سەبارەت بە ئەو شتانەی کە فەرمانم پێنەکردوون یان نەهیم لێ نەکردوون، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی خەڵکانی پێش ئێوە ؛ زۆر پرسیار کردن وناکۆکیان بوو بەرامبەر پێغەمبەرانیان، ئەگەر نەهیم لێکردن لە شتێک ئەوا خۆتانی لێ بە دوور بگرن، وئەگەر فەرمانم پێکردن بە شتێك ئەوا ئەنجامی بدەن بەپێی تواناتان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- حوکمە شەرعیەکانی باسکرد ودابەشی کردن بۆ سێ جۆر: ئەوەی بێدەنگی هاتووە سەبارەتی، وئەوەی نەهی لێکراوە، وئەوەی فەرمانپێکراوە. یەکەم: ئەوەی شەریعەت سەبارەتی بێدەنگ بووە: بەشێوەیەك حوکمەکەی نازانرێت، وبنچینە لە شتەکان ئەوەیە واجب نییە؛ لە سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- واجب بوو پرسیار نەکرێت سەبارەت بەو شتانەی ڕوویان نەداوە یان حوکم سەبارەتیان دانەبەزیوە ؛ لەترسی ئەوەی نەوەك واجب یان حەرام بکرێت، وخوای گەورە حوکمەکەیانی باس نەکردووە وەکو ڕەحمەتێك بەرامبەر بەندەکانی، بەڵام لە پاش مردنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیار کردن لە ڕوانگەی فەتوا وەرگرتنەوە یان فێربوون بۆ ئەوانەی پێویستیانە لە بابەتەکانی ئاین ؛ ڕێگەپێدراوە وبەڵکو فەرمانپێکراوە، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی زێدەڕۆیی وهێنانی ناڕەحەتی بێت ؛ بەهۆی ئەم هۆکارەوە لە فەرموودەکەدا فەرمانکراوە بە پرسیار نەکردن، چونکە لەوەیە ببێتە هۆی ڕودانی ئەوەی بەسەر نەوەکانی ئیسرائیلدا ڕوویدا، کاتێك فەرمانیان پێکرا مانگایەك سەرببڕن ؛ ئەگەر هەر مانگایەکیان سەرببڕیایە ئەوا فەرمانەکەیان جێبەجێکردبوو، بەڵام ئەوان توندڕەوییان کرد بۆیە توندی وناڕەحەتی هێنرایە سەریان. دووەم: نەهی لێکراوەکان ؛ ئەو شتانەیە هەرکەسێك لێی دوور بکەوێتەوە (ئەنجامی نەدات) ؛ پاداشت دەدرێتەوە، ئەوەی بیکات سزا دەدرێت، بۆیە واجبە لەسەر مسوڵمان لە هەموو حەرامێك دوور بکەوێتەوە. سێیەم: فەرمانپێکراوەکان (واجبەکان) ؛ ئەمیش ئەو شتە دەگرێتەوە کە بکەرەکەی پاداشت دەدرێتەوە، وئەوەی ئەنجامی نەدات ؛ سزا دەدرێت، بۆیە واجبە مسوڵمان بەپێی توانا ئەنجامی بدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4295